

د. شێرکۆ بابان

# ڕێزمانی کاری تێپەڕ لە شرۆڤەکاریدا

## ١- دەستپێک:

لە ئاستی ڕێژەی تیێپەڕدا، هێشتا زۆر ماوە کە لێی بتۆژێتەوە و بکرێت بە ڕێزمانێکی پوختە. لە ڕاستیدا، ڕێزمانی کاری تێپەڕ و میکانیزمەکانی (تێپەڕاندن)، واتە میکانیزمەکانی بە تێ پەڕ کردن، هێشتا پێویستی بە ئەوەیە کە شرۆڤە بکرێت. لە ئەم ڕووەوە، ڕێزمانی کوردی مۆرکی خۆی هەیە و نابێت هەر بە ئەو ڕێزمانەوە بوەستین کە بە ڕێزمانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی شرۆڤە پەسند دەکات. بە واتایەکی تر دەبێت ڕوو بکەین لە ڕێزمانی (بەرکار) و جۆرەکانی و دۆخەکانی بە وردی لێک بدەینەوە، چ لە ئاستی ڕستەسازییدا و چ لە ئاستی ئەو وشانەدا کە لەسەر بنجی کارێک ڕۆ دەنرێن. لە ئەم نووسینەدا، نەختێک هەنگاو دەکەینەوە، بەئەو هیوایەی بتوانین تۆزێک لە ئامانجی توێژینەوەکە نزیک ببینەوە.

## ٢- کاری تێپەڕی بنجی:

ئەم جۆرە تێپەڕە بەجوانی لێکدراوەتەوە و بەجوانی باسکراوە لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا، تەنانەت، هەندێک ئەندازەیش پێشنیار کراوە بۆ ناسینەوەی، وەک وەرگرتنی ڕیزە جێناوی لکاو (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە دەمکاتی ڕابردوودا. نموونەی ئەم جۆرە تێپەڕە بریتییە لە کارە بنجییەکان، وەک:

(ناردن، نووسین، گرتن، بردن، ...هتد.)

له ڕاستیدا، هێزی تێپەڕی ئەم کارانە هەر بە پتەوی دەمێنێتەوە، ئەگەر (واتا گۆڕ)ێک بەکار بهێنرێت و یان ڕوخساری کارەکە درێژ ببێتەوە. بۆ نموونە، وەک کاری (گرتن) تێپەڕە، کارەکانی (داگرتن، ڕاگرتن، هەڵ گرتن، دەست گرتن، ئێشک گرتن... هتد) هەر بەتێپەڕی دەمێننەوە. سەرەڕای ئەوەی گوترا، چەند سەرنجێکی تر هەیە بۆ تۆمارکردن، وەک:

**یەکەم:** ئەم جارە کارە ڕووداوێکی ڤیدیۆیی دەنوێن و دەشێت سروشتی ڕووداوەکە لەسەر یەکەی کات ڕابخرێت.

**دووەم:** ئەم جۆرە کارە بکەرێکی چالاک و وزە خەرجکەریان هەیە.

**سێیەم:** گشت کاتێک (بەرکار)ێک دابین دەکەن، کە ڕووداوی کارەکەی لەسەر بگەڕێت.

### ٣- کاری (توانین):

لە ئاستی کاری (توانین)دا، دوو بەکارهێنان هەیە، کە بریتین لە:

**یەکەم:** بەکارهێنانی ئاسایی وەک هەر کارێکی تێپەر لە زمانەکەدا وەک:

**شیلان ئەم بەردە ناتوانێت**

**دووەم:** بەکارهێنانی نائاسایی یان وەک کارێکی یاریدەدەر بەرانبەر بە کاری (can, could) لە زمانی ئینگلیزیدا، وەک:

**شیلان ناتوانێت ئەم بەردە لاببات**

لە نموونەی یەکەمدا، دەستەواژەی (ئەم بەردە) بریتییە لە کۆڵەکەی (بەرکار) و بەڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ کاری تێپەڕی (توانین). لە بەرامبەردا، لە ڕستەی دووەمدا، دەستەواژەی (ئەم بەردە) هەر بریتییە لە کۆڵەکەی (بەرکار)، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ کاری (لابردن)، نەک بۆ کاری (توانین). بە واتایەکی تر، کاری (توانین) لە ڕستەی دووەمدا (بەرکار) وەرناگرێت و بەشێوەیەکی واتایی دەچەسپێت و دەبێت بە کارێکی (یاریدەدەر) بۆ هەر کارێکی زمانەکە. بەتەریبی لەگەڵ ئەم کارەدا، نموونەی تریش هەیە، وەک کاری (ویستن):

**- وەک کاری تێپەڕی ئاسایی:**

**شیلان پارەی ویستبوو**

**- وەک کاری یاریدەدەر:**

**شیلان ویستبووی پارە ببات.**

لە ڕستەی یەکەمدا کۆلکەی بەرکار (پارە) دەگەڕێتەوە بۆ کاری تێپەڕی (ویستن)، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ کاری (بردن) و کاری (ویستن) داوای بەرکاری نەکردووە.

**٤- کاری (ڕاکردن):**

ئەم کارە هەرچەندە تێپەڕە بە ڕێزمان، بەڵام تێنەپەڕە بە واتا، وەک:

**من ڕام کرد.**

ئەوەی سەیرە لەم کارەدا ئەوەیە کە:

**یەکەم:** واتای (تێنەپەڕ)ی زاڵە بەسەر ڕستەکەدا.

**دووەم:** لە ئەم جۆرە ڕستەیەدا، ڕێژەی کاری (بکەر نادیار) چێ نابێت.

**سێیەم:** لە لایەکی ترەوە، وەک ڕستەکە تێپەڕە، ناتوانین (بەرکار) بخەینە سەر ڕستەکە، وەک:

من (دوو کیلۆمەتر) ڕام کرد.

**چوارەم:** بەرانبەر بە ئەو ڕستەیەی پێشەوە، ناتوانین بڵێین:

دوو کیلۆ مەتر ڕاکرا

کەواتە، دەستەواژەی (دوو کیلۆمەتر) بریتی نییە لە (بەرکار)، چونکە ڕێژەی بکەر نادیار پەسەند ناکات.

**پێنجەم:** پێ دەچێت کە پێشگری (ڕا)

جیاوازبێت لە هەمان پێشگر لە کارەکانی تردا، وەک:

[ڕاگرتن، ڕاگواستن، ڕاگەیاندن، ڕاهاتن، ڕاهێنان، ڕابواردن، ڕاچەنین، ڕاپسکان،...]

لە ئەم ڕووەوە، پێشگری (ڕا) لەوە دەچێت کە (بەرکار) بێت و واتای کاری (کردن)ی گۆڕیبێت بۆ (ڕاکردن)، وەک:

| بەرکار | کار |
|---|---|
| هەناسە | دان |

| | |
|---|---|
| ڕا | کردن |
| ئێشک | گرتن |
| سەر | دان |

**شەشەم:** بە بەراورد لەگەڵ کاری (توانین)ی یاریدەدەردا، هەرچەندە کاری (ڕاکردن) بەرکار وەرنەگرێت، بەڵام بریتی نییە لە کارێکی (یاریدەدەر) و ناچێتە سەر کارێکی تر. کەچی، کاری (توانین) دەتوانێت ڕۆڵی یاریدەدەر ببینێت لەگەڵ کاری (ڕاکردن)دا:

شیلان ناتوانێت ڕا بکات

## ٥- تێپەڕ بە چاوگی (ئاندن):

لە زمانی کوردیدا، چاوگی (ئاندن) ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ڕستەسازیدا و سەرپاکی ئەو ڕێژانەی کە دروستیان دەکات لە پەرێزی کاری (تێپەڕ) دان. لە ئەم ڕووەوە، چاوگی (ئاندن) بە چەند ڕێگایەک دەردەکەوێت، وەک:

**ڕێگای یەکەم**: چاوگی (ئاندن) دەچێتە سەر گشت کاری تێنەپەڕی (بکەر سست) و لە ئەم میکانیزمەدا بکەرێکی دەرەکی دەسەپێنێت بەسەر ڕستەکەدا و بکەرە سستەکە دەکات بە (بەرکار)، وەک:

– تێنەپەڕی بکەر سست:

دارەکە دەسووتێت.

– تێپەڕی (ئاندن)، بکەر چالاک:

شیلان دارەکە دەسووت(ێن)ێت.

لە ڕاستیدا، ئەم میکانیزمە زۆر بەربڵاوە گشت کاری تێنەپەڕی (بکەر سست) دەگرێتەوە، بێ جگە لە کارەکانی (بوون و هەبوون).

**ڕێگای دووەم:** دەرگای چاوگی (ئاندن) والایە بەڕووی هەو دەنگێکی سروشتیدا کە توخمی ئاوازەی دەنگێنەری تێدا هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر ئامێرێکی تازە دروست بکرێت دەنگێکی تێدا بێت وەک هۆنەی (ڤـژژژژ...)، ئەوا دەتوانین چاوگی (ڤژاندن) چێ بکەین و بڵێین:

ئەو ئامێرە، بۆچی وا دەڤیژێنێت.

لە ئەم جۆرە کارەدا، ڕێزمانێکی تێپەڕ هەیە بەڵام (بەرکار)ی دەرەکی وەرناگرێت،

چونکه دەنگە سروشتییەکە (ڤـژژژ...) بووە بە (بنج)ێک و واتای بەرکاری هەڵگرتووە. لە ڕووی بەراوردەوە، ئەم جۆرە چاوگەی (ڕێگای دووەم) بە ئەوە جودا دەبێتەوە لە چاوگی ئاندن (ڕێگای یەکەم)، کە (بەرکار) وەرناگرێت و لە ئەنجامدا ناتوانێت ڕێژەی (بکەر نادیار) دروست بکات.

**ڕێگای سێیەم:** یەکێک لە سیما بنەڕەتییەکانی چاوگی (ئاندن) ئەوەیە کە بکەرێکی دەرەکی چالاک دەسەپێنێت بەسەر بکەرێکی سستدا و دەیکات بە (بەرکار). ئەم میکانزمە ناتوانێت بچەسپێت، مەگەر بە (بزڕکاندن)، وەک:

دەرچوون ـــــــــ دەرچوواندن

وەک دەگوترێت:

مامۆستا ئازاد شیلانی دەرچوواندووە

یان،

ئایا ڕاستە، شیلان دەرچوێنراوە؟

لە شێوازای شاری سلێمانیدا، کاری (دەرچوواندن) سووک کراوە بۆ (دەرچاندن)، وەک:

مامۆستا ئازاد شیلانی دەرچاندووە.

یان،

ئایا ڕاستە، شیلان دەرچێنراوە؟

بێگومان، ئەم جۆرە بەکارهێنانە بە ڕاستەوخۆیی ئەتیکێتی شاری سلێمانی پێوە دیارە.

**ڕێگای چوارەم**: هەندێک جار چاوکی (ئاندن) دەخرێتە سەر هەندێک وشە، وەک:

(ڕاستاندن، گشتاندن، ... هتد).

ئەم جۆرە بەکارهێنانە زۆر بەشەرمنییەوە دەگات بە زمانی نووسین، چونکە پێویستییەکی زۆری لەسەرە، بەڵام ڕێزمانی نییە، لە ئەم ڕووەوە، خۆزگا دەزگا باڵاکانی زمانی کوردی ئەم (دەمی دەرخوارد)ەیان دەکردەوە، بەڵام بە ڕێسایەکی ڕژد و سفت و کەلێنبڕ. بۆ نموونە، دەشێت ئەم دەمە بکرێتەوە بۆ دەرخوارکردنی هەر ناوێکی سادە و بەجێ، وەک:

کەڵک: کەڵکاندن: کەڵکێنەر، کەڵکێنراو

تیشک: تیشکاندن: تیشکێنەر، تیشکێنراو

بەرد: بەرداندن: بەردێنەر، بەردێنراو

بەفر: بەفراندن: بەفرێنەر، بەفرێنراو

پیت: پیتاندن: پیتێنەر، پیتێنراو

پێز: پێزاندن: پێزێنەر، پێزێنراو

لیک: لیکاندن: لیکێنەر، لیکێنراو

توخم: توخمان: توخمێنەر، توخمێنراو

بێگومان، لە ئاستی (ناو)دا، چاوگی (ئاندن) کاریگەری فراوانتر دەبەخشێت و دەتوانین دەیان و سەدان ناوی (بەجێ) سەودا بکەین.

## ٦- کاری تێپەڕ بەجێناوی خاوەنێتی:

پێ دەچێت کە ڕێچکەیەکی ڕستەسازی (تێپەڕ) هەبێت بۆ وەرچەرخاندنی کاری تینەپەڕی ئاسایی و کاری تێنەپەڕی بکەر نادیار، لە ئەم ڕێچکەیەدا، جێناوەکانی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەبن بە جێناوی (بکەر)ی تێپەڕ و بە جێگۆڕکێ باز دەدەنە سەر (کۆڵکە)یەک کە ئەرکی (بەرکار) وەردەگرێت، بۆ نموونە، دەگوترێت:

**خانووەکە ڕووخا**

بە ئاشکرا دیارە ئەم ڕستەیە (تینەپەڕ)ە و لەسەر کاری (ڕووخان) ڕۆنراوە، بەڵام دەتوانرێت دەربچەرخێنرێت بەدیوی (تێپەڕ)دا، وەک:

(من) خانووەکە(م) ڕووخا.

(تۆ) خانووەکە(ت) ڕووخا.

(ئەو) خانووەکە(ی) ڕووخا.

(ئێمە) خانووەکە(مان) ڕووخا.

(ئێوە) خانووەکە(تان) ڕووخا.

(ئەوان) خانووەکە(یان) ڕووخا.

لە ئاستی ئەم ڕستانەدا چەند سەرنجێک هەن، وەک:

**یەکەم:** بۆ ڕستەی تێنەپەڕی (خانووەکە ڕووخا)، چاوگی تێنەپەڕی (ڕووخان) هەیە، بەڵام بۆ شەش ڕستەکەی تر چاوگێک هەیە لە چەشنی (خانوو ڕووخان).

**دووەم:** چاوگی (خانوو ڕووخان)، لەسەر ئەندازەی (دەست شکان)، (دارسووتان)،

(براکوژران)،... ڕۆنراوە.

ئەم جۆرە چاوگە کۆلکەیەکیان وەرگرتووە کە لە (بەرکار) دەچێت، ئەگەر بەراورد بکرێت بەکاری تێپەڕ، وەک (نامە نووسین، دار شکاندن، خانوو ڕووخاندن،...).

کەواتە، دەبێت لە چاوگی (خانوو ڕووخان)دا، وشەی بەرایی (خانوو) بریتی بێت لە (بەرکار).

**سێیەم**: لە چاوگی (خانوو ڕووخان)ەوە، دەتوانین (ناوی بکەر) دروست بکەین، وەک (خانوو ڕووخاو). ئەم جۆرە ناوە دەبن بە (ئاوەڵناو) بۆ ئەو کەسانەی کە جێناوەکانی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەیان گرێتەوە. ئەم ڕاستیەش لەسەر شەش ڕستەکەی سەرەوە دەرخراوە.

**چوارەم**: لە لایەکی ترەوە، ناوی (خانوو ڕووخاو)، لە (ئاوەڵناوی تەرخان کراوە) دەڕوانێت، وەک (ماڵ وێران، خانوو سپی، باخچە خۆش، پرچ درێژ، خوێن سووک، ...هتد).

**پێنجەم**: وەک حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی جێناوەکانی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بۆیان هەیە کاری (تینەپەڕ) وەربچەرخێنن بە دیوی (تێپەڕ)دا و ڕێچکەیەکی سنتاکسی تازە بخەنە گەڕ.

**شەشەم**: بە تەریبی لەگەڵ کاری تێپەڕی، ئاساییدا، کاری تێنەپەڕی (بکەر نادیار)یش دەتوانێت هەمان میکانیزم چێ بکات، وەک:

(ناو نووسراو، خانوو ڕووخێنراو، باوک کوژراو، ماڵ ڕمێنراو، ماڵ وێران کراو، ... هتد).

**حەوتەم**: وەک ئەو وشانە ڕەگەزی (ئاوەڵناو) هەڵ دەگرن دەشێت بە ئامرازێکی کۆ (ان) سەودا بکرێن، وەک ئەوەڵناو: ماڵ وێرانان، ناو نووسراوان، ناوک کەوتووان، ... هتد.

## ٧- دووجار تێپەڕ:

لە نموونەیەکدا، وەک:

شیلان کراسی کڕی.

وشەی (کراس) بریتییە لە (بەرکار) و (شیلان)یش بریتییە لە (بکەر) لە ڕستەیەکی تێپەڕدا. سەرباری ئەم ڕاستییە، دەتوانین جارێکی تر هێزی تێپەڕینی ڕستەکە پتەوتر بکەین، وەک:

من کراسـ(م) به شیلان کڕی.

یان،

من ........... پێـ(م) کڕی.

بێگومـان، ئەگەر ڕستەکەی بەرایی ڕوو بکات لە چاوگی تێپەڕی (کڕین)، ئەوا ئەم دوو ڕستەیەی دوایی ڕوو دەکەن لە چاوگی (کراس پێ کڕین) و (پێ کڕین). لە ڕاستیدا، پێ دەچێت کە دەمی ئەم میکانیزمە والا بێت بە ڕووی کاری تێپەڕدا، وەک:

پێ کڕین، پێ فرۆشتن، پێ نووسین، پێ گرتن، پێ کوشتن، پێ بڕین، پێ سڕین، پێ گوشین، پێ ولێن،...

لە ئەم چاوگانەوە، ناوی بکەر و ناوی بەرکاریش چێ دەبن، وەک:

پێ کڕ: پێ کڕدراو، پێ فرۆش: پێ فرۆشراو

پێ نووس: پێ نووسراو، پێ گر: پێ گردراو

پێ کوژ: پێ کوژراو، پێ بڕ: پێ بڕدراو

پێ وڵ: پێ وڵراو، ..........: .............

لەسەر ئەندازەی (پێنووس) و (پێ گر)، گشت وشەکانی تر لە ناوی ئامێرێک، یان ئامرازێک دەڕوانن، کە ڕووداوی ئەو کارانەیان پێ ئەنجام بدرێت. لە بەرانبەردا، وشەکانی تر (پێ کڕدراو، پێ فرۆشراو، پێ نووسراو،...) ناوی بەرکار زاڵ دەکەن بۆ ئەو کەسەی، یان ئەو چشتەی کە ڕووداي کارەکەی لەسەر دەگەڕێت. یان، دەتوانین ناوی بکەر چێ بکەین لە ئەو کارانە، وەک (پێ کڕەر، پێ فرۆشەر، پێ نووسەر، پێ گرەر، پێ کوژەر، پێ بڕەر،..). لە ئەم میکانزمەدا، کە دوو جار باری تێپەڕی چەسپاوە، چەند وشەیەک چێ بووە وەک:

| | | |
|---|---|---|
| | پێنووس | (ناوی ئامراز) |
| پێ نووسەر | پێنووسەر | (ناوی بکەر) |
| | پێنووسراو | (ناوی بەرکار) |

## ٨- یوختەکاری:

لە پەرێزی ڕێزمانی کاری تێپەڕدا، کۆڵکەی (بەرکار) بووە بە سەنگی مەحەک، بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر سفت و سۆڵ نییە و کەلێنی تێدا هەیە. بۆ نموونە، کاری تێپەڕ هەیە کە کۆڵکەی (بەرکار) وەرناگرێت. یان کار هەیە کۆڵکەی (بەرکار) هەرس دەکات لە واتاکەی

دا، یان زۆر بابەتی تر. لە ئەم پوختەکارییەدا، چەند خاڵێک هەیە بۆ تۆمار کردن، وەک:

* کاری تێپەڕی ئاسایی هەیە و کۆلکەی (بەرکار) وەردەگرێت بە ڕوونی و بە ئاشکرایی.

* کاری تێپەڕی ئاسایی هەیە کە (بەرکار) وەر ناگرێت، وەک (ڕاکردن، بۆڕدان، ...).

* کاری تێپەری نائاسایی هەیە کە بە میکانیزمی وەرچەرخان کۆلکەیەک دەخاتە نێو خانەی (بەرکار) لە تەونی بیردا، وەک (دەست شکان، باوک نەمان، برا کوژران، ...).

* کاری وا هەیە کە بە چاوگی (ئاندن) چێ بووە و تێپەڕە و کەچی نە کۆلکەی (بەرکار) وەردەگرێت و نە چاوگی بکەر نادیاری هەیە. لە ئەم جۆرە چاوگەدا، سیمای کارێکی تێنەپەڕ لە ئارادایە، چونکە کۆلکەی بەرکار هەرس بووە لە واتای کارەکەدا، وەک (چریکاندن).

* چاوگی (ئاندن)، لە ئاستی گشت کارێکی تێنەپەڕی (بکەر سست)دا برەوی هەیە، بەڵام لە ئاستی کاری تێنەپەڕی (بکەر چالاک)دا دادەمێنێت، مەگەر بە زۆری لێ کردن، وەک:

ڕۆیشتن: ڕواندن

دەرچوون: دەرچوواندن

* کاری (توانین) بۆی هەیە وەک کارێکی تێپەڕی (بەرکارگر) بێت، یان وەک کارێکی یاریدەدەر بە واتای (can)، کە بەرکار وەرناگرێت.

* پێشگری (پێ) بۆی هەیە (دووبارە تێپەڕ) بسەپێنێت بەسەر کاری (تێپەڕ)دا، وەک (کڕین، پێ کڕین) یان (نووسین، پێ نووسین)، ... هتد.

**سەرچاوە:**

– د. وریا عومەر ئەمین، لە ڕووەکانی تێپەڕی، ڕۆژنامەی (بەدرخان)، ژمارە ٧٦، هەولێر، ٢٠٠٦/١٢/٢٢.

– د. شێرکۆ بابان، دیوە تیورییەکانی ڕێزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە ٦، هەولێر ٢٠٠٧.

– شادمان سالار نەریمان، ناوی دەنگ لە زمانی کوردیدا، بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواردوو، زانکۆ بەغدا، ٢٠٠٢.

– د. ئەورەحمانی حاجی ماف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی پێنجەم، کردار، سلێمانی ٢٠٠٠.

– د. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تر لە زمانەوانیدا، تێنەپەڕ فەرمانێکی بکەر نادیارە، ل١٨٢–١٨٩، هەولێر ٢٠٠٤.